کەماندۆ ئۆپراسیۆن بەسەر مەڵبەندەکانی داعش ئەنجامدرا



فەرماندەیی هێزەکانی کەماندۆی کوردستان رایگەیاندووە، کەماندۆی کوردستان لەرێگەی سەرچاوە و زانیاری وردی هەواڵگری لەگەڵ تیمێکی هاوپەیمانان لە سەعات 4ی بەربەیانی ڕۆژی پێنجشەممە 3ـی نیسانی 2025، لەسنووری گەرمیان و بە دیاریکراوی "بەرزاییەکانی دوراجی"، دەستیان بە کۆمەڵی ناوچەکە کرد و ژمارەیەک تونێل و حەشارگەی تیرۆرستان، کە شوێنی حەوانەوە و هەڵگرتنی ئازوقە و بێندینخانەی کاتی بوو خاپوور کرد و یەکێک لە حەشارگەکەیان تێقاندەوە.

لەکاتی کۆماڵ کردنەکەدا و بەهۆی سەختی شوێنەکە و نەبوونی ڕێگەی ئۆتۆمبێل سود لە ئامێری "شەفە" بینرا بۆ دروستکردن و چاککردنی ڕێگاکە، تا هێزەکان بتوانن بگەنە ئامانجەکان، هاوکات لە ئاسمانەوە فڕۆکەی هاوپەیمانان چاودێری کەی ئۆپراسیۆنەکەی کرد، لە ڕاگەیەندراوەکەی کەماندۆی کوردستان دا هاتووە.

بگوترێی ڕاگەیەندراوەکە کە دوێنێ هەینی باوکراوەتەوە دەڵێت، لە یەکێک لە تونێلەکان کەماندۆی کوردستان دەستی بەسەر چەند ئامێرێکی پەیوەندیکردن و چەند پەتاوێکدا گرت، کە زانیاری تێدا تۆمارکراوە، بۆ کێتا هاتنی ئۆپراسیۆنەکە تەواوی حەشارگە و مەڵبەندەکانی تیرۆرستان، لەو ناوچەیە لەناوبراون و هیچ ئاسەوارێکیان نەما.